کونسولگەریی گشتیی
کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ
هەولێر

**پەڕەی زانیاری ژمارە 3: ڤیزا بۆ مەبەستی سەردانی هاوسەری ئەڵمان** **2018/2**

**تکایە پەڕەی زانیاری ژمارە 1 بخوێننەوە**. ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە پێویستن بۆ داواکردنی ڤیزا بۆ مەبەستی سەردانی خزم و ناسیار لەگەڵ هاوسەری ئەڵمان. پێویستە بۆ هەر کەسێکی داواکەر (هەروا بۆ منداڵانیش) فۆرمێکی داواکاریی پڕ بکرێتەوە. ئەم پەڕەی زانیارییە وەک لیستی پێداچوونەوە بەکار بهێنن ☑.

- ☐ فۆرمێکی تەواو پڕکراوە و لەلایەن کەسی داواکەرەوە ئیمزاکراو + پرسیارنامە بە گوێرەی ماددە 54ی یاسای مانەوەی ئەڵمانیا.
- ☐ پاسپۆرت (سەیری پەڕەی زانیاری ژمارە 1 بکە)
- ☐ یەک وێنەی پاسپۆرت (سەیری پەڕەی زانیاری ژمارە 1 بکە)
- ☐ تەئمینی نەخۆشیی سەفەر (سەیری پەڕەی زانیاری ژمارە 1 بکە)
- ☐ حیجزی فڕۆکە
- ☐ پاسپۆرتی هاوسەری ئەڵمان و ئەگەر هەبوو هی منداڵی هاوبەشیش
- ☐ گرێبەستی هاوسەرگیریی و وێنەی تۆماری خێزانیی بە نوسخەی ئەسڵی و کۆپییەک
- ☐ بەڵگەنامەی سڕینەوەی تۆماری ئەدرێسی هاوسەری ئەڵمان لە ئەڵمانیا Abmeldebescheinigung
- ☐ بەڵگەنامەی ڕەوشی دارایی و ئابووری کەسی داواکەر و هاوسەرەکەی بە نوسخەی ئەسڵی، بۆ نموونە پشتگیریی خاوەن کار، بەڵگەنامەی خاوەندارێتی خانووبەرە، دەرچەی حیسابی بانکی شەش مانگی ڕابردوو، پشتگیریی بانک و هی دیکە.
- ☐ بەڵگەی دەستەبەرکردنی خەرجییەکانی مانەوە لە ئەڵمانیا
  - بەڵێننامەی کەسی داوەتکەر (داوەتنامە)، کە لای فەرمانگەی بیانیان لە ئەڵمانیا درابێت، بە نوسخەی ئەسڵی (بەمەرجێک لە شەش مانگ کۆنتر نەبێت) و کۆپییەک، **یان**
  - سەلماندنی توانای دارایی خەرجییەکانی سەفەر و مانەوە لە ئەڵمانیا (بۆ نموونە، هەبوونی بەردەوامی پارە لەسەر حیسابی بانکی، پشتگیریی خاوەن کار، دەرچەی حیسابی بانکی و هی تر).

ئەگەر هاتوو هیچ بەڵێننامەیەک پێشکەش نەکرا، ئەوا پێویستە داوەتنامەیەکی ئاسایی و کۆپییەکی پاسپۆرتی هاوسەر لە ئەڵمانیاوە پێشکەش بکرێن. ئەگەر بەمەبەستی گەشتەکە سەردان نەبوو و تەنیا گەشتیاریی بوو لەگەڵ هاوسەری ئەڵمان، ئەوا پێویستە حیجزی میوانخانە پێشکەش بکرێت.

هاوسەری هاوڵاتی ئەڵمانی و منداڵەکانیان ڕەسمی ڤیزا نادەن.

تێبینی: پێشکەشکردنی ئەم بەڵگەنامانەی سەرەوە، مانای مافی پێدانی ڤیزا نییە. لە هەندێک حاڵەتدا لەوانەیە داوای بەڵگەنامەی دیکەیش بکرێت. تەواوی بەڵگەنامە پێشکەشکراوەکان پێویستە درووست و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ڕاست بن. بەڵگەنامەی ساختە یان هەڵە (پشتگیریی بێ بنەما) دەبنە مایەی ڕەتکردنەوەی داواکاریی ڤیزا.